

# وێنە و تابلۆ

دوو سەرکردەی زۆر مەزنی بزاڤی سەربەخۆییخوازی کورد لە سەدەی بیستەمدا قبووڵیان نەبووە وێنەیان بکرێتە تابلۆ، ڕێکەوت نییە، بەڵکوو لە کانی دڵییانەوە هەڵقوڵاوە، کە هەردووکیان بە هونەرمەندەکەیان گوتووە «ئێمە شتێکمان نەکردووە وێنەمان بکێشرێت، وێنەی شەهیدان بکێشن.»
لێرەدا خۆپەرستیی سەرکردەکانی گەلانی داگیرکەری کوردستان (لە ڕەزا شا و ئەتاتورك بە سەدامیشەوە) پێیدا وەرە تا دەگاتە ئێستا و خۆنەویستیی سەرکردەکانی کوردمان بۆ دەردەکەوێت. وێڕای ئەوە لە پشتی ئەم باسەوە پەیامی قووڵتر هەیە، دەکرێ ئێمە یەك دوو پەیڤی لەبارەوە بێژین.
مرۆڤی بەرایی لە نێو ئەشکەوتدا، خەون و خولیای خۆی بە نیگار دەردەبڕی، کاتێك دەوڵەت و دەسەڵاتدار پەیدا بوون، نیگار بوو بە هێمایەك بۆ بەرجەستەکردنی شکۆ و گەورەیی کەسەکان. دوای ئەوەی کامیرا پەیدا بوو، وێنە دوو ڕێڕەوی گرتەبەر، پۆترێتێك کە نیگارکێش دەکێشێت، وێنەیەك کە کامیرا دەیگرێت، یەکەمیان ساغ هونەرە، دووەمیان پتر تەکنیکە نەك هونەر.، لێکدانەوەی هەمەجۆریش بۆ هەردووکیان دەکرێت. پسپۆڕ و ڕەخنەگران قسەی جۆربەجۆر و هەمەچەشنیان دەربارەی وێنە و نیگار کردووە، پێشم وا نییە هەم قسە هەم خولیای ئێمەی بەرەی مرۆڤایەتی، لە بارەی وێنە و نیگارەوە کۆتایی پێ بێت.
تۆ بڵێی چ تەلیسمێك لە پشتی ئەوەوە بێت، کە لەو کاتەی کامیرای دیجتاڵ پەیدا بووە، تەکنیك





**لە مەیدانی (ئومل بroom) لە شاری کوەیتی پایتەختی دەوڵەتی کوەیت، ٣١ ساڵ بەر لە ئێستا تابلۆ دیواربەندێکی سەدام، لە سەردەمی داگیرکردنی کوەیتدا جێگیر کرا بوو، کە چوار پاسەوانی چەك بە دەستی عیراق شەو و رۆژ ئێشکیان بە دیارییەوە دەگرت. سەدام و بەعس مەبەستیان لە دانانی ئەو دیواربەندە ئەوە بوو بڵێن، ئەوەتا خەڵکی کوەیت بە وڵات و پایتەختەوە سەدامیان بە سەردار و سەروەری خۆیان قبووڵ کردووە، کوەیتییەکان تا بینەقاقا لە داگیرکردنی وڵاتەکەیان پەست بوون، هەر دەرفەتێکیان دەست بکەوتایە، بە رۆنرەنگی رەش ئەو دیواربەند و وێنانەی سەدامیان دەشێواند.**

تاریق کارێزی

دەستی مرۆڤی واڵا کردووە، چۆنی بوویت وێنە دەگرێت و دەسکاریشی دەکات، بەڵام لە (مۆنمارتەر: Montmartre)ی پاریس و گەلێك شوێنی ئەم دنیایە تا دەگاتە دامەنی قەڵای هەولێر، خەڵك داوا دەکەن بە دەست و پەنجەی هونەرمەند پۆرترێت نیگاریان بۆ بکێشرێت. ئاخۆ لەم سەردەمەدا کامیرا لە گواستنەوەی رەنگ و سیمای کەس، کەش و ژینگە، سرووشت و ئاپۆرای خەڵك کورت دێنێت؟ نەخێر، بەڵام تەلیسمێك لە پشت دەست و پەنجەی سیحراویی نیگارکێشەوە هەیە، کە هەموو کەسێك شەیدای خۆی دەکات.

من و تۆ یەك دوو جار، تۆ بڵێ تا ١٠ جاریش تەماشای وێنەیەکی قەد دیوار دەکەین، دوای ئەوە حەزی تەماشاکردنی ئەو وێنەیەمان لا نامێنێت، بەڵام تابلۆ پۆرترێتی مۆنالیزا، یان ناپلیۆن، یان کێ و کێ، هەموو رۆژێك تا رۆژی پەسڵان تەماشایان بکەین، لێیان وڕس نابین. مرۆڤەکان لە بنی دنیاوە روو لە پاریس و لۆڤەرەکەی دەکەن، مشتێ پارەش دەدەن تا بە دیتنی پۆرترێت تابلۆی مۆنالیزا شاد بن.

ئەوە سیحر و ئەفسوونی هونەرە کە کەمەندکێشمان دەکات و ناشتوانین راڤە و شرۆڤەی بکەین!

کامیرا (تەکنیك) وێنە بە شێوەیەکی میکانیکی دەگوازێتەوە، رۆحی تێدا ناهێڵێت، هونەرمەند لە گواستنەوەی وێنەدا ئەفراندن دەکات، تەلیسم و جوانییەکی جودای پێ دەبەخشێت، ئەگەر نیگار (بە گوتەی ئەفلاتوون) لاسایی کردنەوەی سرووشت بێت، وێنە ناگاتە پلەی لاسایی کردنەوە، بەڵکو سرووشت وشك دەکاتەوە و نووزەی رۆحی تێدا ناهێڵێت.



# لە ساڵیادی کۆچی
# دوایی هونەرمەند ئەیاز یوسف زاخۆیی

٣٥ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی هونەرمەندی جوانەمەرگ ئەیاز یوسف زاخۆیی دا تێپەڕ دەبێت، ئەو هونەرمەندەی ئەگەرچی تەمەن مۆڵەتی نەدا خزمەت بە هونەری کوردی بکات، بەڵام ئەو بەرهەمانەی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوودا پێشکەشی کردن، تا ئێستا بە زیندوویی لە زهن و خەیاڵی میللەتەکەیدا ماونەتەوە.



ئەیاز زاخۆیی لەساڵی ١٩٦١ لە شارۆچکەی زاخۆ چاوی بەژیان هەڵێناوە، هەر لەمنداڵییەوەخولیای گۆرانیی رەسەنی کوردی بووە و زۆربەی کاتی لە دیوەخانان بەسەر بردووە، کەگۆرانیبێژەکانی تیادا دادەنیشتن و گۆرانیان دەوتەوە. ئەیاز پشتی تەواوکردنی خوێندنی قۆناغی ناوەندنی روو لە ئامادەیی کشتوکاڵ دەکات و لە ئاهەنگ و فیستڤاڵ و جەژن و بۆنە تایبەتییەکاندا دەست دەکات بە چڕینی گۆرانی، هەمیشە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە ئاهەنگەکانی بەڕێوەبردووە.

ئەیاز خاوەن گەنجینەیەکی مەزنی فۆلکلۆری و رەسەنی کوردی بوو، چەندین ستران و چیرۆك و پەندی پێشنیان و داستانی لەبەر بوو، هەوڵی دەوڵەمەندکردنی زیاتری گەنجینەی دەدا و بەدوای کەلەپووردا دەگەڕا، تا زیاتر رەسەنایەتییان لێ هەڵبهێنجێنت و هونەرەکەی خۆی پێ دەوڵەمەند بکات.

ئەیاز، خولیای گۆرانیی کوردی بووەوە، بۆ یەکەمجار بە هاوکاریی چەند هاوڕێیەکی سەردانی ئێزگەی کوردی کردووە لە بەغدا و لەوێ شارەزایان گوێیان لە دەنگی گرتووە، هەرزوو پاشەڕۆژێکی هونەری گەشیان بۆ خواستووە، ئەم گۆرانیانەی ئەیاز لە ئێزگەی کوردی تۆماری کردوون ئەمانەن: (من دیت جارا عەولی، لاندك، بەس خۆ گرانکە، ئەڤین داییێ، دێ بهەژینە، کەڤۆك، چوخك، سروودا نەڤرۆز، سروودا شەهید، چیبکەم ئەز، هیڤی و گۆڤەندە).

هەروەسا لەگەڵ چەندین شاعیر کاری هاوبەشیان ئەنجام داوە بۆ سازکردنی گۆرانییەکان، لەوانەش (عەبدولعەزیز سلێمان، بەشار محەمەد، سەگڤان عەبدولحەکیم، بەدرخان سندی، عەبدوڵا حوسێن و.. هتد، جگە لەم گۆرانییانەی لەگەڵ تیپی دهۆك تۆماری کردوون، سێ کاسێتی دیکەشی لە تۆمارگەی «تۆمار» تۆمار کردووە، هەروەها چەند گۆرانییەکی بە دوو قۆڵی لەگەڵ هونەرمەند «ئەردەوان زاخۆلی» گوتووە، لەساڵی ١٩٨٢ لە زاخۆ کاسێتێکی تۆمارکردووە کە چەند گۆرانییەك بوو، لەوانە: (ئەگەر دنیا هەمی گۆلبن، های بەردەبەردەك، چ تەڤنە، مەقامی مێرەمێ، بەستەی پازنیل.

ئەیاز زاخۆیی ژمارەیەك گۆرانی بڵاونەکراوەی هەیە، بەڵام خانەوادەکەی رێگە نادەن بڵاوبکرێنەوە، لای خۆیەوە مامۆستا (عەبدولعەزیز سلێمان) هۆزانڤان و ئاوازدانەری ئەیاز زاخۆیی دەلێ: «لەوکاتەی ماڵم دوور خرایەوە بۆ شاری رومادی ئەیاز بەردەوام هاتوچۆی ماڵەکەمی کردووە و زۆربەی بەرهەمەکانی ئەیاز لە شیعر و ئاوازی منە، کە لە ساڵی ١٩٨٠ یەکەم گۆرانیم داوەتێ، بەناوی شەهید چاڤا ڤەکە»، هەروەها دەڵێت: «یەکەم گۆرانی ئەیاز لە ئێزگەی بەغدا تۆمار کرا کە نزیکەی ٤٠ گۆرانیم بۆ ئەیاز ئامادە کرد، کە هەندێکیان بە بێ موزیك تۆمار کران، هەندێکیان هێشتا تۆمار نەکراون و لای من پارێزراون، زۆر هونەرمەند داوایان کردووە، بەڵام نایدەم بە کەس». ئەو ئاوازدانەری هونەرمەندی کۆچکردوو ئاماژە بەوەش دەکات، لەو ماوەیەدا هەوڵیداوە لە رێگەی وەزارەتی رۆشنبیرییەوە گۆرانییەکان بە موزیکێکی تازە بڵاوبکاتەوە، چونکە لەلایەن گەنجانەوە داوایەکی زۆری لەسەرە و بەردەوام گەنجان گوێ لە گۆرانییەکانی دەرگرن، بۆیە ویستم ئەو گۆرانیانەش بڵاوبکەمەوە، کە لای من پارێزراون، بەڵام خانەوادەکەی رێگەیان نەدا، بۆیە منیش بڵاوم نەکردنەوە. لەبارەی ئەو پرسیارەی بۆچی خانەوادەکەی رێگەنادەن، برای ئەیاز زاخۆیی دەڵێت: «راستە ژمارەیەك گۆرانیی ئەیاز لای مامۆستا عەبدولعەزیز پارێزراون، کە بەنیازبوو بەموزیکێکی نوێ دووبارە تۆمار بکرێن و بڵاوی بکاتەوە، ئێمە داوامان لە سەندیکای هونەرمەندان کرد، لیژنەیەك بۆ ئەو مەبەستە پێکبهێنن و ئەوان بڕیاری لەسەر بدەن و ئەگەر ئەوان پێیان باش بێت ئەوا ئێمەش رازین، بەڵام لیژنەکە پێی باش نەبوو ئەم کارە بکرێت، ئێمەش لای خۆمانەوە رێگەمان نەدا بڵاوبکرێتەوە». بەڵام براکەی ئەیاز زاخۆیی ئەوەش ناشارێتەوە، ئێستاش ئەگەر موزیکڤانی پرۆفیشناڵ هەبێت و بەموزیکێکی نوێ و لە ئاستی بەرهەمەکانی ئەیازدا بێت، رازین بڵاوبکرێتەوە.

ئەیاز زاخۆلی لە رۆژی شەممە رێکەوتی ١٩٨٦/١/٢٠ لە نەخۆشخانەی سەربازیی شاری موسڵ کۆچی دوایی کرد، لەسەر وەسیەتی خۆی لە شارۆچکەی زاخۆ نێژرا.



## وەسیەتی هونەرمەند

**ئەیاز زاخۆیی لە ئان و ساتی نەخۆشییەکەی و تەواو بێهیوا بوون لە ژیان وەسیەتی کرد کە تەرمەکەی بە نێو شاری زاخۆدا بگێڕن و گۆرانیی (وڵاتێ من باخچێ گوڵان) بۆ لێ بدەن، پاشان بە خاکی بسپێرن، وەك دەگێڕنەوە ماڵباتەکەی وەسیەتەکەیان بەجێ گەیاند.**





## کیرا تونی خۆی لە ماددە هۆشبەرەکان رزگار بکات

### رانی:

## زۆر گرنگە سەیری تەلەفزیۆن بکەین



ئەستێرەی سینەمایی هیندی (رانی مۆخرجی) دوپاتی کردەوە کە ئەو بیر لەوە دەکاتەوە کە بەشداری لە کارێکی تەلەفزیۆنیدا بکات، پڕ بە دڵیش حەز دەکات بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتیی گشتی هاوشێوەی بەرنامەی میدیاکاری ناوداری جیهانی ئۆپیرا وینفری هەبێت، کە بە یەکێك لە پڕ بینەرترین بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان دادەنرێت و خاوەنی زۆرترین بینەرە.

رانی لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ماڵپەڕی firstpost کە بە یەکێك لە ماڵپەڕە جیهانییە ناداودارەکان دادەنرێت، گوتی: «من خۆم بە کەسێکی زۆر کراوە دەبینم بەرامبەر بە تەلەفزیۆن و حەز دەکەم بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی پێشکەش بکەم، کە لە شێوەی بەرنامەی ئۆپیرا وینفری بێت کە باس لە هەموو شتێك دەکات، خەڵك کۆ دەکاتەوە لە بوارە جیاجیاکاندا گفتوگۆ دەربارەی کێشە و گرفتە جۆراوجۆرەکان لەسەر ئاستی جیهان دەکەن، من پێموایە ئەگەر بەرنامەیەکی لەو شێوەیە پێشکەش بکەم، بۆ من زۆر باش دەبێت».

رانی مۆخرجیی تەمەن ٤٠ ساڵ زیاتر گوتیشی: «بەرنامەیەکی لەو جۆرە کاریگەریی زۆری دەبێت، بەتایبەتی لە نێو ئافرەتاندا، چونکە ئاراستەی ئاستی خەڵك دەکرێت بۆ زانینی ئاستی هۆشیاریی رۆشنبیریی خەڵك، هەرچەندە من بەداخەوەم کە لە کاتی پشوو، یان ئەگەر لە دەرەوە بم سەیری تەلەفزیۆن ناکەم، بەڵام پێموایە زۆر گرنگە سەیری تەلەفزیۆن بکەین،بۆ ئەوەی بزانین لە دەوروبەرماندا چی روو دەدات.

سەرچاوە: البوابە

کچە ئەکتەری بەریتانی کیرا نایتلی دووپاتی کردەوە کە سەرکەوتوو بووە لە تێپەڕاندنی تەڵەزگەی ناوبانگ و ئەستێرە بوون، چونکە توانیوێتی خۆی رزگار بکات لە کەوتنە نێو داوی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، ئەگەرچی بارودۆخی نالەبار بوو، بەڵام هەر زوو بوو بە یەکێك لە ئەستێرە بەناوبانگ و ناودارەکان لەسەر ئاستی جیهان.

کیرا نایتلی کاتێك هەرزەکار بوو، لە ساڵی ٢٠٠٢ بەشداری لە زنجیرە درامای کۆمیدیBend It Like Beckham کرد، بە پێی راپۆرتی ماڵپەڕی contactmusic.com هەواڵ کیرا رایگەیاندووە کە هەست بە شانازییەکی زۆر دەکات، بەوەی کە بە پێچەوانەی زۆربەی هونەرمەندەکانی دیکە ئەم لە تەمەنی هەرزەکاریدا نەکەوتە داوی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان.

نایتلی کە بە یەکێك لە ئەستێرە سەرکەوتووەکان دادەنرێت و پاڵەوانی چەندین فیلمی سینەمایی ناودار بووە، لەوانەش فیلمی Pirates Of The Caribbean پێشتر ژیانی هاوسەریی لەگەڵ گۆرانیبێژی ناوداری بەریتانی جیمس رایتۆن پێك هێنابوو، نایتلی پێشتر لە چەندین بۆنە و دیمانە و راپۆرتی جیاجیای رۆژنامەوانیدا بە راشکاوانە ئاشکرای کردووە کە زۆربەی هەرە زۆری موزیسیانە لاوەکان و ئەستێرەکانی سینەما، بەتایبەتی ئەوانەی لە سەرەتای دەرکەوتن و قۆناغی بەئەسێترە بووندان، ئالوودەی مادده هۆشبەرەکان دەبن، چونکە بەپێی ویست و ئارەزووەکانی خۆیان رەفتار دەکەن و گوێ بە دەوروبەریان نادەن، ئەمەش بۆ من مایەی شانازی و سەربەرزییە کە تا ئێستا نەکەوتوومەتە داوی مادده هۆشبەرەکان.

سەرچاوە (لها)

# جیسیکاش ئارەزووی خوێندن دەکات



هەرچەندە ئێستا بە ئەستێرەیەکی دیاری سینەمای جیهانی دادەنرێت و ناوبانگێکی زۆری هەیە، ئەمە جگە لەوەی خاوەن سەروەت و سامانێکی بێ شومارە، بەڵام سەرەڕای ئەمانە هەموویان (جیسیکا ئەلبای) ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی زۆر پەشیمانە لەوەی کە نەیتوانیوە لە زانکۆ بخوێنێت و خوێندنی زانکۆ تەواو بکات، بۆیە پێیوایە غەدرێکی زۆری لە خۆی کردووە.

جیسیکا بە ئاشکرا دەڵێت کە هەستم دەکرد پێویستە داوای لێبوردن لە خۆم بکەم، چونکە من زۆر پەشیمانم کە نەچوومەتە زانکۆ، ئەمەش بە یەکێك لە هەڵە گەورەکانی ژیانی خۆمی دەزانم، لەم بارەیەوە جیسیکا بە سایتی کۆنتاکت میوزیکی راگەیاند: «هەمیشە هەستم بە دڵتەنگییەکی زۆر دەکرد تەنیا لەبەر ئەوەی نەچوومەتە زانکۆ، هەروەها هەستم دەکرد وەکو پێویست زیرەکیش نیم لە ژیان، بۆیە بیرم لەوە دەکردەوە کە پێویستە داوای لێبوردن لە خۆم بکەم، ئەگەرچی من تاکە کەس نیم کە لە زانکۆ بێبەش بم، بەڵام دڵنیام ئەگەر لە زانکۆ بمخوێندایە، لە زۆر رووەوە بەرەو پێشتر دەچووم و زانیاریم لە ئێشتا زۆر زیاتر دەبوو، بەتایبەتی لە رووی رۆشنبیرییەوە، بۆیە پێموایە ئەمە بۆ من زۆر پێویست بوو، بەڵام ئیدی ئەمە ژیانە و مەرج نییە هەموو کەسێك بە هەموو خەون و ئاواتەکانی بگات.

جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە جیسیکا ئەلبا بەشداریی لە چەندین فیلمی سینەماییدا کردووە، لەوانە فیلمی (سین ستی) و فیلمی خەیاڵی زانستی ( فانتاستیك فۆر) و زنجیرەی تەلەفزیۆنی (دارك ئەنجل).

سەرچاوە (ایلاف)